


# بۆن فرۆش ...

هۆنراوەی شاڵاو

گوڵم لەگەل شنەبایەک
لە نیوە شەو
تالێک قژت گەیشتەلام
پڕ بوو لە بـــــــــــۆ
منیش کردم بە جۆڵانە بۆ دڵی خۆم
بۆ سەر خەوێ
بە یادی تـــــــــــۆ
کە بێدار بووم بە ناچاری
نەک تەنها خۆم
بەلکـــــــــــو هەموو ژوورەکەشم
بۆنی عەتری لێ دەباری
لەوساوە من
نازانم شەو تاکو دونیا خامۆش دەبێ
شیعر بۆ چاوت بنووسم
چونکە ئیتر سەرم سووڕماوە لە خۆشم
یان دانیشم
تا بەیانی
شووشە شووشە
بۆنی زوڵفی تـــــــــــۆ بفرۆســـــــــــم

# کوردستانم خۆشتر دەوێ

خۆشەویستم
چەند ساتێک بوو
نامەیەکت لەبەر دەرگای  ژوورەکەم چاوەڕێ بوو
کاتێ دەرگام لێ کردەوە
سەدان هەزار ماچی گەرمو
وێنەی تازەو چەپکە گوڵی ئەوێی پێ بوو
خۆشەویستم
من دڵنیام
لە پاش خوێندنەوەی نامەکەت
گەلێک لە جاران تیژ ترە
چرای نیگام
ئەگەر چی تۆ تەنها خۆتی
کەچی لێرە
وا هەست دەکەم
لەگەڵ هەموو
کچەکانی کوردستانا من ئاشنام
لە کەلێنی پیتەکانی نامەکەتدا
هەندێک بۆنی پەنجەکانت  بە جێ مابوو
لەوساتەوە
لە بۆن خۆشی خاک وخۆڵی
وولاتەکەی خۆم دڵنیام
دەنکێک مۆری گوارەیەکت
خۆی خستبووە ژێر سێبەری پیتێکەوە
لەوساتەوە هەموو کاتێ
خوڕەی چەم وقاسپەی کەوو
گشت گۆرانیە کێویەکانم گوێ لی دەبێ
بۆیە دەڵێم
هەرچەند زیاتر نامەکەی تۆ دەخوینمەوە
کوردستانم خـــــــــۆشتر دەوێ

# شووشە

باوەڕناکەم
بتبینمەوە لە پاش ئێستا
چوونکە دڵم
وەکو شووشە وورد بوو شکا
کە جارێکت لێ شکاندم
هیچم نەووت
کردت بە دوو
دڵ فرمێسکی لی هاتە خوار
بەڵام کاتێ
کردت  بە سێ و.. کردت بە چوار
دڵی منیش بوو بە هەزار
دیارە گوڵم نەتدەزانی
دڵی عاشق زۆر ناسکە و
هەمیشە خوێنی لێ دەتکێ
ئاخر منیش
عاشقێکی بەبێ هاوتای دوو چاوی تۆم
بۆچی هێشتت دڵم بشکـــــــــێ

www.shallaw.info.se